www.kurdistannet.org
28-2-2006 11:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شازی خەبەر... مەریوان نەقشبەندی



بڵاوکراوەیەکی ئیسلامیم بینی بەمانشێتی گەورە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سێسەد و قسوور (مەریوان ناو) لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی لەسنووری پارێزگای سلێمانی ناوی خۆیان گۆڕیوە بۆ (محمد) ، لەدرێژەی هەواڵەکەشدا هاتوە کە (144) ئافرەتی سفور هەر لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی و رۆژنامە دانیمارکییەکە بوون بە موحەجەبە!!، وەك بۆشیان باس کردم ئیمام و خەتیبێك لەمزگەوتێکی سنووری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا هەمان هەواڵی لە خوتبەی هەینی دا بۆ ئامادەبووان دووپات کردۆتەوە، من هیچ تەعلیقێکم بەرامبەر هەواڵی ناوگۆڕینەکان نییە تەنها ئەوەندە نەبێت دەڵێم من ناوی خۆمم نەگۆڕیوە و هەتا ماوم شانازی بە مەریوان وبە شاری (هەڵەبجە) دەکەم و زۆربەی ژیانیشم لەو شارەدا بەسەربردوە و ئەگەر لایەنێکی باش لەژیانمدا هەبێت ئەوا هەر لەهەڵەبجە فێربووم و پەروەردەی ئەو شارەشم، بەهیوای ئەوەشم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شارە شەهیدە و رۆژەکانی دوایی تەمەنم لەوی بەسەربەرم، لەگەڵ ئەوەشدا وەك رۆژنامەنووسێك پەیوەندیم بە چەند نەخۆشخانە وشوینی ناوتۆمارکردنی منداڵان لەهەولێری پایتەخت کرد و پێیان راگەیاندم کە تەنها لەیەك هەفتەدا 13 منداڵی تازە لەدایکبوو ناویان نراوە (مەریوان) و کاتێکیش بەتەلەفون پرسیارم لەو مەریوان ناوانە کرد کە خەڵکی سنووری پارێزگای سلێمانیین و هاورێی خۆمن کەئایا ناوی خۆیان گۆڕیوە؟ زۆر سەریان لەپرسیارەکەم سوڕما و بەپێکەنینەوە (نەخێر) یان وەڵام دامەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە مەسەلەی بە موحەجەبەبوونی 144 ئافرەتی سفورە کە وەك ئەو بڵاوکراوە ئیسلامیەی یەکێتی زانایانی کوردستان (هەولێر) نوسیوێتی وەك هەڵوێست وەرگرتنێك بووە دژی سوکایەتیکردنەکەی رۆژنامەیەکی دانیمارك بە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبێکی مەریوان هەڵەبجەیی یان (رۆشنبیرە حەیوانەکە) هەروەك جەماعەت ناویان لێناوە.

من نازانم ئەو ئامارە چۆن و لەکێ و لەکوێ وەرگیراوە؟!. خۆ ئەگەر ئەم هەواڵە بەژمارەکانیەوە راست بێت ئەوا من دەستخۆشی لە ئامادەکار یان (دروستکەری) هەواڵەکە دەکەم و زۆر مەمنون دەبم ئەگەر موحازەرەیەك بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان ساز بکات چونکە لەمەسەلەی راپرس و ئاماردا زۆر لاوازین و زۆر گرنگە لەئامار شارەزایی پەیدابکەن هەتا بزانین ژمارەی ئەو جەلیکانە نەوت و بەنزینانە چەندن کە مەسئوولەکان بەدزیەوە حەواڵەی بەنزینفرۆشەکانی سەر جادەکانی کوردستانی دەکەن، و بزانین دوای بارانە زۆرەکەی ئەم دواییە چەند پرۆژەی حکومەتی هەرێم بە ساغی ماوەتەوە؟.

ئەگەر رۆژنامەنووسێك توانیبێتی بزانێت و دڵنیابوبێت کە 144 ئافرەتی سفوری پارێزگای سلێمانی لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی و دانیمارك، بوون بە موحەجەبە، ئەوا من بەبێ ئامار و خۆماندوکردن گەرەنتی ئەوەتان دەدەمی لەهەولێر یەك ئافرەتی سفوری تێدا نەماوە و ئەوانەی خۆشیان لەسەرەتاوە موحەجەبە بوون ئێستا وەك ئافرەتانی بزوتنەوەی تالیبانیان لێهاتوە،

کاکی برام تکاتان لێدەکەم واز لە هەواڵی بێسەروبەر و بێمانا بهێنن، ئێرە فەللوجە و قەندەهار نییە تا لەوتاری هەینیدا مەلاکان سیاسەتی دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوەیەك دیاری بکەن، ئەگەر کاروباری بەڕێوەبردنی حکومەت و چارەنووسی نەتەوەی کورد لەسەر بنەمای دوژمنایەتیکردنی کاریکاتێرەکانی رۆژنامەیەکی دانیمارك و (رۆشنبیرێکی حەیوان) رێچکە دەگرێت، ئەوا هەرلەئێستاوە با (فاتحە) یەك لەسەر حکومەتی یاسا و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بخوێنین، ئەگەر هەواڵی رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان بەم جۆرە هەواڵانە پڕ بکەینەوە ئەوا من پەشیمانم لەهەر حەرفێك کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا نووسیومە و بڵاوم کردۆتەوە...

Mariwan_na@yahoo. com